

# گۆتە..
# شاعیری مەزنی ئەڵمانیا

له عەرەبییەوە: نەوزاد ئەحمەد

**لەم** دواییەدا کتێبێک لە دەزگای چاپ و پەخشی نەینەوا لە دیمەشق چاپ کرا بە ناونیشانی «گۆتە.. مەزنترین شاعیری ئەڵمانیا»، لە نووسینی محمد سعید الطریحی، کە باسی ژیان و بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە دەکات.

نووسەری ئەم کتێبە بەدرێژی باسی ژیانی گۆتەو نەخۆشییەکانی دەکات، هەمیشە گرفتی تەندروستیی هەبووەو بەدرێژایی ژیانی دوچاری نەخۆشیی سیل بووە، کەچی کۆڵی نەداوە لەوەی خوێندنی ماف تەواو بکات، ئەوەبوو دواتر لە زانکۆی ئان دێرلاهن لە کۆلێجی ماف بڕوانامەی لیسانسی وەرگرت، لەتەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بوو بە یەکێک لە نووسەرە ناودارەکانی ئەڵمانیا، ژمارەیەک کتێبی گرنگی چاپ کرد، لەوانە: بێرلنکن، ئازارەکانی ڤارتەر، فاوست.

لەقۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیدا دوچاری ئەوین و خۆشەویستی دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە،

بۆیە ناچار دەبێت ئەڵمانیا جێبهێڵێت و بەرەو ئیتالیا کۆچ بکات، لەوێ ژیانێکی تازەی دەست پێکردەوەو لەگەڵ کچێکی گوڵفرۆشدا پەیوەندیی بەست کە دواتر چەند منداڵێکی لێبوو.

کاتێک تەمەنی گۆتە بەرەو ژوور هەڵدەکشێت، قەڵەو دەبێت و جەستەیەکی نارێکی دەبێت و روخسارێکی خەمۆک و رومەتێکی پیرو ملێکی گۆشتن و دوو چاوی هەمیشە ماندوو، بەڵام هەوڵی دەدا رۆحی بەداگیرساوی بمێنێتەوەو شانازی بە گەنجبوونی خۆیەوە بکات، تەنانەت لە تەمەنی حەفتا ساڵی و هەشتا ساڵیدا کە قۆناغی شوهرەت و ئەفسانەیی ئەو بوو، دانی بە پیریدا نەدەنا.

نووسەری ئەم کتێبە لەبەشێکی تردا تیشک دەخاتە سەر لایەنی داهێنانەکانی گۆتەو باس لەوە دەکات کە هەر لەتەمەنێکی زووەوە لەسەر شێوەی فەرەنسی شیعری هۆنیوەتەوە بە ئیقاعی کۆنی یۆنانی، بەڵام شیعرەکانی لەگەڵ گیانی سەردەمدا دەگونجا، زۆر بەناسکی و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش وشە شیعرییەکانی هەڵدەبژارد.

گۆتە بە ماندووبونێکی زۆرەوە بەشی دووەمی شاکارەکەی بەناوی «فاوست» تەواو کرد، چونکە لەو کاتانەدا لەشی بەتەواوی داهێزرابوو، پێشتر چەند بەشێکی لێ بڵاوکردبۆوە، بەتایبەتی بەشی «هێلین» کە لە زۆربەی گۆڤارە فەرەنسی و رووسییەکاندا بڵاوکرایەوە. گۆتە بەدرێژایی ژیانی لەگەڵ ئەو حزبانەدا ناکۆک بوو کە باوەڕیان بە خۆڕسکییەکی تەندروست نەبوو، بگرە گۆتە بە حەماسەوە باسی تواناى خۆڕسکانەی ئینسانی دەکرد لە داهێنان و خوڵقاندندا.

گۆتە لەتەمەنێکی زووەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی مێژوو و شیعری خۆرهەڵاتەوە، لەمیانی وەرگێڕانی خۆرهەڵاتناسەکانەوە بابەتە شیعرییەکانی سەردەمی جاهیلی بەر لە ئیسلامی دەخوێندەوە، بەتایبەتی موعەللەقاتەکانی ئیمرولقەیس و زوهەیر بن ئەبی سولما و تەرەفە بن عەبد و عەمرو بن کەلسوم. هەروەها گۆتە سەرسام بوو بە کەسایەتیی موحەممەد پێغەمبەری موسڵمانەکان، دواتر قورئانی خوێندەوە، دەیویست چیرۆکێک لەسەر ژیانی موحەممەد و ئیمامی عەلی بنووسێت، بابەتێکی درێژی نووسی و چەندین ئایەتی لە سورەتی ئیبراهیم خواستبوو، دیسان سەرسام بوو بە چیرۆکەکانی کلیلەو دیمنە، کە لەسەر زمانی ئاژەڵ چەندین پەند و حیکمەتی جوان فێری بەشەریەت دەکات، هەروەها شانامەی فیردەوسیی دەخوێندەوەو شیعرەکانی نیزامی گەنجەوی بەسەر دەکردەوەو داستانەکانی شیرین و خوسرەو و مەجنون لەیلای دەخوێندەوەو سەرسام بوو بە شیعرەکانی سەعدی شیرازی و جەلالەدینی رۆمی، سەرجەمی ئەم بەرهەمە ناوازانەی شاعیرانی خۆرهەڵات کاریگەرییەکی روونیان لەسەر بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە مەزنە ئەڵمانییەدا هەیەو لە بەشێکی بەرهەمەکانیدا رەنگ دەدەنەوە.

### سەرچاوە:

مسارات البيان، آيار ٢٠١٠